# کۆبوونەوەی ئۆپێک پڵەس و داواکەی بایدن و گۆڕانی کەشوهەوا

04-11-2021

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** لەکاتێکدا جیهان سەرقاڵی خستنەڕووی دەرکەوتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و دانانی نەخشەرێگای داهاتوو بۆ رێگەگرتن لە رووداانی کارەساتی سرووشتی لە گلاسکۆ کە کە بە COP26 ناسراوە، کە زۆربەی گۆڕانکارییەکان بەهۆی سووتانی نەوتەوەیە، بەڵام جۆ بایدن، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم کۆبوونەوەیەدا ئاماژەی بەوەکرد بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و گاز بەهۆی وڵاتانی ئۆپێکەوەیە و داوای لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت کرد ئاستی بەرهەمهێنان بەرزبکەنەوە بۆ گەڕانەوەیەکی بەهێزی ئابووری جیهان، پێشتریش لە راگەیاندراوێکدا کۆشکی سپی هەمان داوای لە وڵاتانی نیو رێکخراوی ئۆپێک کردبوو.

**مەحموود بابان**-ناوەندی لێکۆڵینەوەی روداو |

[راپۆرت-5 کۆبوونەوەی ئۆپێک پڵەس و داواکەی بایدن و گۆڕانی کەشوهەوا]

بڕیارە رۆژی 4ی تشرینی دووەمی 2021 (پێنجشەممە) وەزیرانی نەوتی وڵاتانی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی کە بە ئۆپێک پڵەس ناسراوە کۆببنەوە لەبارەی هەڵسەنگاندنی رەوشی بازاڕ و بڕیاردان لەسەر بڕی زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە مانگی داهاتوودا، لە لایەکی دیکەوە جۆ بایدن بۆ دووەمجار داوای لە وڵاتانی ئۆپێک کرد کە بەرهەمهێنانی نەوت زیاد بکەن؟ لێرەدا دوو پرسیار سەرەکی هەیە، بۆچی بەرهەمهێنانی نەوت زیادبکرێت، لەکاتێکدا جیهان پێویستی بەکەمکردنەوەیەتی و ئایا سعودیە دەچێتە ژێر باری ئەم داوایەی ئەمریکاوە؟

لەکاتێکدا جیهان سەرقاڵی خستنەڕووی دەرکەوتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و دانانی نەخشەرێگای داهاتوو بۆ رێگەگرتن لە روودانی کارەساتی سرووشتی لە گلاسکۆ کە کە بە COP26 ناسراوە، کە زۆربەی گۆڕانکارییەکان بەهۆی سووتانی نەوتەوەیە، بەڵام جۆ بایدن، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم کۆبوونەوەیەدا ئاماژەی بەوەکرد بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و گاز بەهۆی وڵاتانی ئۆپێکەوەیە و داوای لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت کرد ئاستی بەرهەمهێنان بەرزبکەنەوە بۆ گەڕانەوەیەکی بەهێزی ئابووری جیهان، پێشتریش لە راگەیاندراوێکدا کۆشکی سپی هەمان داوای لە وڵاتانی نیو رێکخراوی ئۆپێک کردبوو.

لەڕاستیدا زیادبوونی خواست بۆ نەوت و داوای زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت پێچەوانەی ئەو رەوتەی ئێستایە لە گلاسکۆ کە جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، کە دانانی نەخشە رێگایەک بۆ پابەندکردنی وڵاتان بە کەم بەکارهێنانی بەرهەمە نەوتییەکانەوە لە ئێستاوە تاوەکو دەیەکانی داهاتوو، ئەویش بە ئامانجی کەمکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، بەڵام خواست بۆ نەوت تاوەکو دێت زیاتر دەکات و بەرزترین ئاستی خۆی تۆمارکرد کە 100 ملیۆن بەرمیل لەرۆژێکدا[1].

لە ئەمساڵدا نرخی نەوت بەردەوام روو لە بەرزبوونەوە بووە و ئاستێکی نموونەی لەماوەی حەوت ساڵی رابردوودا تۆمارکردووە. رۆژی چوارشەممە نرخی نەوتی برینت بە 83 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک مامەڵەی پێوەکرا، ئەویش دوای بڵاوبوونەوەی داتاکانی پەیمانگەی نەوتی ئەمریکا API لەبارەی نەوتی ئەمبارکراوی ئەمریکاوە[2]، چاوەڕواندەکرێت بڕیاری رێکخراوی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی لەسەر نرخی نەوت بۆ مانگی داهاتوو یەکلاکەرەوە بێت، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا ئاماژەی بەوەدا ئەگەر بەرهەمهێنان زیاد نەکرێت لەلایەن ئۆپێکەوە ئەوا پەنا بۆ بەکارهێنانی نەوتی ئەمبارکراوی نیشتمانی خۆی دەبات[3]. لە لایەکی دیکەوە چین کە وڵاتێکی سەرەکی بەکارهێنەری نەوتە لەجیهاندا داتاکانی ئاماژە بەوەدەکات نەوتی ئەمبارکراوی روو لە کەمبوونەوەیە و پەنای بردووەتەوە بەر بەکارهێنانی خەڵوز بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی لە دوو مانگی رابردوودا[4].

لەڕاستیدا، داواکەی ئەمریکا لە ئۆپێک، بەتایبەتی رووی لە سعودیە چونکە لە 1973وە ئەمریکا هاوردەکارییەکی سەرەکی نەوتی سعودیە بووە، تاوەکو ئەم دەیە کە ئەمریکا بۆ یەکەمجار بووە هەناردەکاری نەوت لەجیاتی هاوردەکار، بەڵام هێشتاش بەپێی سەنتەری نەوتی کەنەدی لە چوار مانگی سەرەتای ئەمساڵدا نزیکەی 56% نەوتی هاوردەکاری ئەمریکا لە لایەن وڵاتانی ئۆپێکەوە دابینکراوە، کە سعودیە گەورەترین بەرهەمهێنەری نیو رێکخراوەکەیە.

لە سێ ساڵی رابردوودا ئەمریکا رۆژانە نزیکەی 300 هەزار بەرمیل نەوتی لە سعودیەوە هاوردەکردووە، کە بەرزترین لەمانگی حوزەیران 2020دا بووە، کە 1 ملیۆن و 206 هەزار بەرمیل نەوت بووە و کەمترینش لە مانگی یەکی ئەمساڵدا بووە کە 207 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە بووە. بڕوانە گرافیکی یەکەم لەبارەی 8 مانگی سەرەتای ئەمساڵ و دوو ساڵی رابردوو لەبارەی هەناردەی نەوتی سعودیە بۆ ئەمریکا.



گرافیک 1: هەناردەی نەوتی سعودیە بۆ ئەمریکا لە هەشت مانگی سەرەتای ساڵانی 2019، 2020 و 2021دا

چاوەڕواندەکرێت ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی بەتایبەت سعودیە و رووسیا لەسەر هەمان سیناریۆی پێشوویان بەردەوام بن لە زیادکردنی خستنەڕووی مانگانە تاوەکو کۆتایی 2022 ، کە بۆ مانگی داهاتوو 400 هەزار بەرمیل نەوتی دیکەیە. هەروەها، هەردوو وەزیری نەوتی کوەیت و عێراق جەختیان لەسەر هەمان بڕ کردووەتەوە، ئەویش بۆ راگرتنی باڵانسی نرخی نەوت، لەکاتێکدا وڵاتانی بەکارهێنەری نەوت

لەنیویاندا ژاپۆن وهیندستان فشارەکانیان لەسەر سعودیە و رووسیا زیاتر کردووە بۆ زیاترکردنی ئەو بڕەی بڕیارە لە مانگەکانی داهاتوودا بیخەنەڕوو.

رۆژی 23ی مانگی رابردوو وەزیری نەوتی سعودیە ئاماژەی بەوەکرد تاوەکو ئێستا جەخت لەوەدەکەنەوە کە نەوتی زیاتر بەرهەم نەهێنن و هەناردەی بازاڕەکانی بکەن چونکە هێشتا بڵاوبوونەوەی شەپۆلەکانی کۆڤید بەردەوامە، کە ئەمەش بەشێوەیەک لە شێوەکان رەتکردنەوەی داواکەی ئەمریکا بوو، هەرچەندە وەزیری وزەی ئەمریکا رایگەیاندووە پەنا بۆ بەکارهێنانی نەوتی ئەمبارکراوی نیشتمانی ئەمریکا دەبەن بۆ دابەزاندنی نرخی نەوت، ئەگەر ئۆپێک بەرهەمهێنان زیاد نەکات.

بەپێی لێدوانی بەڕێوەبەری دارایی کۆمپانیای بی پی بەریتانی، لەساڵی داهاتوودا خواست بۆ نەوت دەگەڕێتەوە بۆ پێش قۆناخی بڵاوبوونەوەی کۆڤید-19، کە ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دیاریکردنی نرخ لەساڵی داهاتوودا دادەنێت، چونکە ئێستا بەرهەمهێنانی نەوتی رۆژانەی  ئەمریکا 1.7 ملیۆن بەرمیل کەمترە لە پێش قۆناخی کۆڤید و ئۆپیک و هاوپەیمانەکانیشی پلانی خستنەڕووی مانگانەی نەوتیان دارِشتووە، کەواتە ئەو زیادبوونەوەی لە خواستی رۆژانەی نەوت بەهۆی ئاساییبوونەوەی چالاکییەکان دێتە ئاراوە وادەکات 2.5 ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانە کورتهێنان لە خستنەڕوو بۆ خواست هەبێت، هەربۆیەش بانکی ئەمریکا پێشبینییەکانی نرخی نەوتی بۆ 120 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک تاوەکو بەهاری 2022 کردووە[5].

گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا چەند بەهێز بێت و لێکەوتەکانی چەندە روونتر دەربکەوێت لە جیهان، هێشتا ناتوانیت جیهان، هەردوو لایەنی وڵاتانی بەکارهێنەر و بەرهەمهێنەری وزە لەو راستییە دووربخاتەوە کە نەوت سەرچاوەیەکی سەرەکییە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەمڕۆدا، هەربۆیەش وڵاتانی گەورە بەکارهێنەری نەوت و جۆ بایدن داوای زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە وڵاتانی ئۆپێک دەکەن، چونکە پێداویستی ئەمڕۆ نەوەکو داهاتوو؟

لە کۆتاییدا پەنابردنی ئەمریکا بۆ بەکارهێنانی یەدەگی نیشتمانی نەوت لەوانەیە چارەسەرێکی کاتی بێت و لەساڵی داهاتوودا ببێتە هۆی زیاتر بەرزکردنەوەی نرخی نەوت و پەیوەندییەکانی ئەمریکا و سعودیە بخاتە قۆناخێکی نوێیەوە، چونکە وەزیری وزەی ئەمریکا لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژە بەوەکردووە کە یەکێک لە ئامراژەکانی کەمکردنەوەی نرخی نەوت دەستبردنە بۆ یەدەگی نەوتی نیشتمانی ئەمریکا و رێگە دەدەم سەرۆک بایدن ئەو بڕیارەبدات و رایبەگەیەنێت. هەروەها دوورگرتنی سعودیە لە وەڵامدانەوەی ئەمریکا لەبارەی زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوتەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نایەوێت ئەو باڵانسەی بۆ نرخی نەوت بەم شێوەیەی ئێستا درووستبووە بگۆڕێت، هەرچۆنێک بێت بڕیاری رۆژانی داهاتوو ئۆپێک لەبارەی بەرهەمهێناوە هیچ لەوراستییە ناگۆڕێت کە نرخی نەوت لە کۆتایی ئەمساڵ و سەرەتای ساڵی داهاتوودا  جێگیری بەخۆوە نابینێت، بەڵام هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوەن روو لە بەرزبوونەوە بێت.

سەرچاوەکان


[1] https://www.bloomberg.com/news/articles/2021-11-02/bp-says-oil-demand-is-back-above-100-million-barrels-a-day

[2] https://www.reuters.com/business/cop/oil-prices-fall-industry-data-shows-big-build-us-inventory-2021-11-03/

[3] https://www.ft.com/content/42c9f6c3-ad59-42a3-b9c2-1d79850f96af

[4] https://www.worldoil.com/news/2021/11/1/china-s-oil-inventory-hits-four-year-low-ahead-of-opec-meeting

[5] https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/031120216